# زانست عیبادەتە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# العلم عبادة

« باللغة الكردية »

بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# زانست عیبادەتە

زانست باشترین نیعمەتی خوای گەورەیە بەسەرمانەوە، خوای گەورە مەدحی هەڵگرانی کردووە وپلە وپایەیانی بەرز کردوونەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾[المجادلة :١١ ]، واتا: ئەوانەی کە زانستیان پێ بەخشراوە بە چەند پلەیەك (پلەیان بەرز دەکاتەوە) وە خوا شارەزایە بەوەی دەیکەن، وە لە سورەتی (الزمر ) دا دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ [الزمر :٩ ].

واتا: بڵێ ئایا ئەوانەی دەزانن یەکسانن لەگەڵ ئەوانەی کە نازانن بەڕاستی تەنها خاوەنانی ژیریی ئامۆژگاری وەردەگرن.

وەهەندێك لە زانایان دەفەرموون: زانست نوێژی نهێنیە، وعیبادەتی دڵە.

وەمەرجی عیبادەت بریتیە لە یەکلاکردنەوەی نیەت ومەبەست بۆ

خوای گەورە، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾ **[البينة :٥ ]**

لەگەڵ ئەوەشدا کە فەرمانیان پێ نەدرا بوو مەگەر بەوەی کە پەرستشی خوا بکەن بەدڵسۆزی ملکەچی بۆ بکەن خۆیان بە دوور بگرن لە هەموو بیرو باوەڕێکی خوارو خێچ وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن وە ئەمەیە ئاینی ڕاست.

وە بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەیەی کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: (( إنما الأعمال بالنيات )) متفق عليه. واتا: کردەوەو کردنی کردەوە بەو نیازەیە کە لە دڵدایە.

وە هەر کاتێك زانست ئیخلاس بوونی نیەتی لە دەستدا ئەوە لە چاکترین گویڕایەڵیەوە دەردەچێت بۆ خراپترین سەرپێچی.

هەروەها ئەو کارانەی کە عیبادەتن ئەگەر بەبێ هیچ نیەت ومەبەستێك ئەنجامدران ئەوە وەکو عادەتیان لێ دێت وخاوەنەکەی پاداشتی لەسەر وەرناگرێ، بەڵام ئەگەر عیبادەت بە نیەت و مەبەستێکی خراپ کران وەکو رووپامایی (ریاء )ئەوە خاوەنەکەی گوناهبار دەبێت.

بۆیە دەبێت قوتابی زانستی شەرعی پابەند بێت بە ئیخلاسەوە

له کاتی فیربوونی زانسته شەرعیەکان، وه دەبێت خۆی به دوور بگرێت له نەخۆشی خۆ بەدەرخستن و کۆکردنەوەی خەڵك له دەوروپشتی، چونکه ئەم جۆره نەخۆشیانه بەرەکەتی عیلم وزانست ناهێڵن.

وه مەرجی دووەمی عیبادەت بریتیه له شوێنکەوتنی خواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله علیه وسلم)، خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [آل‌عمران :٣١ ]

واتا: ئەی موحەممەد (صلى الله علیه وسلم) بڵێ: ئەگەر ئێوه خواتان خۆش دەوێت کەواته دوای من بکەون تا خواش ئێوەی خۆش بوێت وه له گوناهەکانتان خۆش ببێت وه خوا لێخۆشبووی میهرەبانه.

وه یەکێك لەو خزمەتانەی کەوا شارستانیەتی ئیسلامی پێشکەشی مرۆڤایەتی کرد بریتی بوو له تەماشاکردنی زانستی به سوود وەکو عیبادەت، بەڵکو عیبادەتێك باشتر له عیبادەتی سوننەتەکان؛ چونکه عیبادەتێکه به عەقڵ و فیکر ودڵ ئەنجام دەدرێن.

له كاتێكدا ئاین و شارستانیەتی تر شانازیان بەوەوە دەكرد كە ڕۆڵەكانیان عەقلیان بەكار ناهێنن بۆ تێگەیشتن لە ئاینەكەیان، بەڵام بە پێچەوانەوە زانایانی ئیسلام فەرمانەكانی قورئانیان جێبەجێ دەكرد و فێری خوێندن دەبوون وداوایان دەكرد خوای گەورە زیاتر زانستیان پێببەخشێت : ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴾[العلق :١ ]، واتا: ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) بخوێنە بە ناوی پەروەردگارتەوە كە هەموو شتێكی دروست كردووە. ، ﴿وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾ [طه :١١٤ ]، واتا: وە بڵێ ئەی پەروەردگارم زانست و زانیاریم زیاد بكە.

بۆیە ئەم جۆرە تەماشاكردنە بۆ زانستی بە سوود كەوا عیبادەتە هۆكارێكی سەرەكی بوو بۆ پەیدابوونی شارستانیەتێكی زانستی ئیسلامی.

لە كۆتاییدا داواكارم لە خوای گەورە یارمەتیمان بدات بۆ زیاتر فێربوونی زانستی شەرعی و بە عیبادەت بۆمان بنوسێت.

سەرچاوە:

١- كتێبی: حلية طالب العلم / شێخ: بكر أبو زيد (رحمه الله)..

٢- فەرموودە سەحیحەكانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ،

عبد الحكيم حسن، چاپکردی مەکتەبەی مەحوی – هەولێر.
٣- تەفسیری پوختەی قورئان، مەلا موحەمەد بامۆکی.
٤- بەرنامەی قورئانی پیرۆز - سایتی دەنگی ئیسلام.